# وانەی ٩٠:  پرسیار لە مرۆڤەوە،  وەڵام لە خوداوە

## بەشی یەکەم

لە وانەی ئەمڕۆ و داهاتووماندا، پلانمان وایە شتێکی جیاواز بکەین.  حەز دەکەین پێکەوە هەندێك پرسیار بخوێنینەوە.  بۆ وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێك، نووسراوە پیرۆزەکان بەکار دێنین، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا تاکە ڕووناکی بێ گومانە کە دەتوانێ ڕێنماییمان بکات لە تاریکی، وشەکانت چرایە بۆ پێیەکانم، ڕووناکییە بۆ ڕێگام. (زەبوورەکان ١١٩: ١٠٥)

یەکەم پرسیار:  ئایینی ئەو کەسانە چیە کە  خێندنەوە *ڕێگای ڕاستودرووستی* بەرهەم دێنن؟

زۆر لەمەو پێش، خودا لە دڵمانی داناوە کە لە ڕاستی بگەڕێین — ڕاستی ئەو.  ویستمان بۆ خۆمان ووشەی تاقە خودا ڕاستەقینە بزانین. بە ووردی کتێبی پیرۆزمان خوێندنەوە کەوا تەورات و زەبوورەکان و پەرتوکی پێغەمبەران و پەرتوکی ئینجیلی پیرۆز لەخۆ دەگرێ. بۆمان دەرکەوت کەوا عیسای مەسیح ئەو ڕزگاری دەرەیە کەوا هەموو پێغەمبەران دەربارەیان نووسی.   عیسا ئەو قوربانییە تەواو کۆتاییەیە کە خودا بەخشی بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم بسڕێتەوە تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێ بتوانێ لە ئامادەیی خودا بژی تاهەتا.  عیسای مەسیح، ئەوەی لە خوداوە هات، تاکە کەسە کە دەتوانێ بمانباتە لای خودا.  هەموو هیوامان خستۆتە لای ئەو.

باشە ئێمە کێین؟  ئێمە قوتابی عیسای مەسیحین.  قورئان پێمان دەڵێت (أهل الكتيب) کە بەمانای خەڵکی کتێب.  هەندێ کەسی تر پێمان دەڵێن مەسیحی، بەمانای خەڵکیکە بەدوای عیسای مەسیح دەکەوێت.  کاتێ دەڵێین ئێمە مەسیحین، پێشتان دەڵێن کە زۆر کەس بە خۆیان دەڵێن مەسیحی بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە بەڕاستی خەڵکی مەسیحن.  خەڵك نابن بە مەسیحی تەنها بە کردنی ئەو شتانەی مەسیحی دەیکەن.  شوێنی کەوتنی ئایینێك ناتوانێ پەیوەندیت بۆ درووست بکات لەگەڵ خودا.  تەنها عیسای مەسیح دەتوانێ کەسێك بباتە لای خودا.  چەن بەرکەت کراوین چونکە مەسیح ڕزگاری دەر و پەروەردگار و برادەرمانە !  پەیوەندیەکی سەرسوڕهێنەری پێمان بەخشیوە لەگەڵ خودا و متمانە بەرامبەر مردن.  هەموو ڕۆژێك دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیمان پێ نیشان دەدات.  لە پەروەردگار عیسای مەسیحدا، خودا هەموو شتێکی پێمان داوە کەوا پەیوەندی لەگەڵ ژیانی تاهەتایی هەیە !  هەموو شتێك دڵمان پێویستی پێی هەیە لەودا هەمانە !

پرسیاری دووەمان گرنگە و شایەنی وەڵامێکی ڕوونە.  ئەم بەشداربووە دەنووسێ:  شتێك زۆر ماندووم دەکات.  لە قورئان خوێندوومە کەوا پێغەمبەرمان محمد فەرمان بە موسڵمانان دەدات باوەڕ بە هەندێك پەرتوك بێنین کە لە کتێبی پیرۆزدا هەیە وەك تەورات و ئینجیل.  من ڕێزم بۆ کتێبی پیرۆز هەیە و دەستم کردووە بە خوێندنەوەی.  بەڵام، برادەرەکانم پێم دەڵێن کە ناتوانین متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین، لەبەر ئەوەی تێك دراوە و گۆڕاوە.  ئەوان دەڵێن ئەم کتێبی پیرۆزەی من دەیخوێنمەوە جیاوازە لە کتێبی پیرۆزی ئەسلی. وەلامتان چیە بۆ ئەمە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، هەندێ پرسیارمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن گوایە پەرتوکە کۆنەکانی پێغەمبەران تێك دراوە و گۆڕاوە.  باشە سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە چیە کە دەڵێ کتێبی پیرۆز گۆڕاوە؟  بنەمای گومان لێ کردنی وا چیە؟  پێمان بڵێن، کەی کتێبی پیرۆز گۆڕا؟  کێ گۆڕی؟  لە کوێ گۆڕا؟  گۆڕانکارییەکان چین؟  ئایا کەس دەتوانێ تاقە بەڵگەیەك بدات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێت؟

ئەگەر بەڕاستی بە دوای ڕاستی کتێبی پیرۆز بگەڕێیت، ئەوا بۆت دەردەکەوێ کە خودا ووشەی پیرۆزی خۆی پاراستووە کەوا هانی پێغەمبەرانی خۆی داوە بینوسن.  ئەو کەسانەی دەڵێن کتێبی پیرۆز گۆڕاوە باوەڕ بە پروپاگەندە دەکەن.  هیچ بەڵگەیەکیان نیە

پاڵپشتی ئەو تۆمەتبارکردنە بکات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێ؟ بەڵام بەڵگەی زۆر هەیە کە کتێبی پیرۆز نەگۆڕاوە.

ئەمڕۆ لە مۆزەخانە گەورەکان و زانکۆکانی جیهان، توێژەران هەزاران پەرتوکی (لفافە)ی دێرینی نووسراوەی پیرۆزەکان و هەموو پەیمانی نوێ (ئینجیل) پاراستووە. زۆربەی ئەم لەفافانەی سەدان ساڵ لەپێش محمد هەبوون وەك لەفافەکانی پەیمانی کۆن. ئەگەر بەراوردی ئەو پەرتوکە کۆنانە لەگەڵ ئەوانەی ئەمڕۆ هەمانە بکەن، بۆتان دەردەکەوێ خودا چەن بەووردی ووشەی خۆی بۆمان پاراستووە. ئەو کتێبی پیرۆزەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە هەمان کتێبی پیرۆزە کەوا لە کاتێ محمد هەبوو.

پێغەمبەران ووشەی خودایان نووسیەوە لەسەر لەفافەی درووست کراو لە پێستی ئاژەڵیان یان گەڵا دار. نامەنووسی جولەکە ووشەی خودایان لەسەر لەفافەی نوێ نووسیەوە. ئەم نامەنووسانە زۆر زۆر ئاگادار بوون لەوەی کۆپی دەکەن هەمان نووسینەکانی تیکستە ڕەسەنەکەیە. ژمارەی پیتەکان دەژمێردرا لە پەرتوکێکدا و پیتی ناوەڕاستی دەدرا بۆ ئەوەی بێ گومان بن لەوەی ئەو کۆپیە هەمان شتە لەگەڵ ڕەسەنەکەیە. ئەگەر هەڵەیەك هەبوایە، هەموو لەفافەکە دەبوایە لەناو بدرێ! ئەم نامەنووسە جولەکانە باوەڕیان وابوو ئەگەر یاری لەگەڵ ووشەی خودا بکەی ئەوا تۆ لەگەڵ خودا یاری دەکەی! ڕەنگە گوێتان لە لەفافەی دەریای مردوو بووبێ کەوا لە ساڵی ١٩٤٧ دۆزرایەوە. دەزانی کەوا ئەو لەفافەی پەیمانی کۆنانە سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح نووسرابوو؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لەفافە دێرینانە هەمان شتە لەگەڵ ئەم لەفافانەی پاش هەزار ساڵ لە بە ردەستمانە! کتێبی پیرۆز دەستکاری نەکراوە!

بەڕاستی کەس ناتوانێ کتێبی پیرۆز دەستکاری بکات. ئەگەر کەسێك بیویستایە کتێبی پیرۆز بگۆڕێ، دەبوایە هەموو کۆپیەکانی کتێبی پیرۆز بگۆڕێ. ئەمە مەحاڵە! لەو ماوەیەی پاش مەسیح، توێژەران دەستیان کرد بەوەرگێڕانی کتێبی پیرۆز لە زمانی ڕەسەنی عیبری و ئارامیك و یۆنانی بۆ زۆر زمانی جیاوازی تر. کەس ناتوانێ هەموو کتێبی پیرۆزەکان جیهان بگۆڕێ! ئەمڕۆ، کتێبی پیرۆز بۆ زیاتر لە دوو هەزار زمان نووسراوە. خودا ووشەی پیرۆزی خۆی پاراستووە و خزمەتکارەکانی وەریدەگێڕنە زمانەکانی خەڵکی جیهان، لەبەر ئەوەی خودا دەیەوێ هەموو کەس بە گوێی خۆی، گوێی لێ بگرێ و لێی تێبگات بە بیری خۆی و بە دڵی خۆی وەربگرێ و ڕزگاری بێت.

ئایا پەروەردگار خودای باڵادەست دەتوانێ ووشەی خۆی بپارێزێ لە شەیتان و ئەوانەی دەیانەوێ بیگۆڕن و تێکی بدەن؟ بەڵێ دەتوانێ بیپارێزی و پاراستویەتی! بێ گومان ئێمە دەزانین کەوا لە سەرەتای جیهانەوە تا ئەمڕۆ شەیتان هەوڵی داوە ووشەی خودا بگۆڕێ — لە بیری خەڵك. بۆ نموونە، لە یەکەم پەرتوکی کتێبی پیرۆز گوێمان لێ بوو خودا بە ئادەمی فەرموو، (ئەو ڕۆژەی لەم دارە بخۆی، دەمری). بەڵام شەیتان ئینکاری لە قسەی خودا کرد و بە ئادەم و حەوای ووت، (نامری!) بۆیە، شەیتان هەوڵی دا ووشەی خودا بگۆڕێ. وەك دەزانن، ئادەم و حەوا هەڵیان بژارد باوەڕ بە شەیتان بێنن و مێوە قەدەغەکراوەکەیان خوارد. لەدەر ئەنجامی ئەوەش، گیانیان مرد و جەستەیان دەستی کرد بەسیس بوونی و مردن، هەروەك خودا پێشتر فەرمووی. برادەرانی ئازیز، ووشەی خودا بێ گومانە. شەیتان درۆزنە و فریودەرە. شەیتان دەیەوێ خەڵك هەڵخەڵەتێنێ و وایان لێ بکات باوەڕ بکەن کە کتێبی پیرۆز گۆڕاوە. بەڵام پەروەردگار عیسای مەسیح دەفەرموێ، (ناتواندرێت نووسراوەکە بشکێندرێت) (یۆحەنا ١٠: ٣٥) (ئاسمان و زەوی بەسەر دەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەر ناچن!) (مەتا ٢٤: ٣٥)

ئێستاش پرسیاری سێیەم. بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟ خودا نەوەی نابێ و خودا نەوەی کەس نیە، ئەی چۆن عیسا دەتوانێ ببێت بە کوڕی؟

زۆر جار وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگەمان داوەتەوە، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە دووبارە وەڵامتان دەدەینەوە. نەزانی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و دەکرێ کوشندە بێت! وەك پەندی پێشینان دەڵێت (نەزانی بەڵای سەرە). ئەو کەسە دەپرسێ، (بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟) یەکەم شت، ناوی (کوڕی خودا) مانای ئەوە نیە خودا ژنێکی هێنا و کوڕی بوو! وەك بینیمان، عیسا سەدان ناو و نازناوی

هەبوو لە کتێبی پیرۆزەکە. ئەم ناوانە یارمەتیمان دەدات باشتر تێبگەین لێی. بۆ نموونە، پێی دەڵێن (دەرگاکە) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە عیسای مەسیح دەرگایەك لە دار و ئاسن. هەروەها پێی دەڵێن، (ئەو خواردنەی ژیان دەبەخشێ) (نانی ژیان) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە عیسا خۆراکە، وەك برنج و شلە کە دەیخوێن. پێغەمبەرانی خودا ناویان لە عیسا نا (بەرخی خودا) بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە ئەو بەرخە. بە هەمان شێوە، کاتێ خودا بە عیسا دەڵێ کوڕی خۆی، پێویستە بزانی کە ئەمە مانای ئەوە نادات خودا ژنێکی هێنا و منداڵی لێی بوو! ئەمە کفرە! ئەگەر وڵات بەجێ بێڵم، لە دەرەوە پێم دەڵێن (کوڕی کوردستان) لەبەر ئەوەی من خەڵکی کوردستانم. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە کوردستان ژنی هێنا و کوڕی بوو! بە هەمان شێوە، خودا و فریشتەکان و پێغەمبەران بە عیسایان دەوت (کوڕی خودا) لەبەر ئەوەی لە خوداوە هات. عیسا لە پاکیزەیەك لە دایك بوو. باوکی زەمینی نەبوو. ئەو لە ئاسمان دەژیا تەنانەت پێش ئەوەی لە دایك بێت لەبەر ئەوەی ئەو (ووشەی خودایە)، کەوا لەلای خودا بوو لە سەرەتا. نووسراوی پیرۆز ئەوە ڕادەگەیێنێ: (لە سەرەتادا، وشەکە بوو، وشەکە لەلای خودا بوو، وشەکەش خودا بوو. وشەکەش بووە جەستە و لە ناوماندا نیشتەجێ بوو، شکۆی ئەومان بینی، وەک شکۆی تاقانەیەک لە باوکەوە، پڕ لە نیعمەت و ڕاستی... هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا، ئەوەی لە باوەیش باوکەکە دایە، ئەو دەریخست.) (یۆحەنا ١: ١، ١٤، ١٨) عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە، ووشەی خودایە کە لەسەر زەوی و بە جەستەی مرۆڤ بەدەرکەوت.

ووشەی خودا چیە؟ ڕەنگە وەڵام بدەیتەوە کەوا ووشەی خودا نووسراوی پیرۆزە کەوا خودا وەحی بۆ پێغەمبەران نارد بینووسن. ڕاستە نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودا ووشەی خودان بۆ ئێمە — وەك نامەن لە خوداوە بۆمان ناردرا بێت، بەڵام ڕێگامان بدە دەربارەی ئەو برادەرەت پرسیار بکەین کەوا لە شارێکی تر دەژی. ئایا تۆ کامت پێ باشە: کە برادەرەکەت تەنها ئەو نامەکانت بۆ بنووسێ یاخود خۆی بێت و سەردانت بکات؟ بێ گومان پێت باشترە خۆی بێ سەردانت بکات، تاکو بتوانێ ڕوو بە ڕوو قسەی لەگەڵ بکەی. بە هەمان شێوە و لەبەر ئەوەی خودا مەزنە و هیچ شتێك مەحاڵ نیە بەرامبەری و چونکە دەیەوێ خۆی و ئیرادەی خۆی بناسێنێ پێمان، ئایا پێت وایە چەن نامەیەك دەنێرێ یاخود خۆی دێت و سەردانمان دەکات؟ برادەران، مزگێنی خۆش کەوا پێغەمبەران ڕایانگەیاند ئەوەیە کە خودا خۆی دێت و سەردانی مرۆڤایەتی گوناهبارمان دەکات!

لەئینجیل بۆمان دەرکەوت کە خودا ووشەی خۆی وەك مرۆڤێك ناردە خوارەوە بۆ ئەوەی لەناو خەڵکدا بژێت تاکو ڕزگاریان بکات لە گوناهەکانیان. ئەم پیاوەی لە ئاسمانەوە هات عیسای مەسیح بوو. عیسا شایەنی ئەوەیە پێی بوترێ کوڕی خودا، لەبەر ئەوەی ئەو ووشیەیە کەلای خودا بوو لە سەرەتادا. عیسا کوڕی تاهەتایی خودایە، نوێنەری تەواوی خودا — ئەوەی خەسلەتی خودای ئاشکرا کرد بۆ مرۆڤ. زۆر جار بە گەنج دەڵێن، (هەر بە باوکی دەچێ!) بە هەمان شێویە لەگەڵ عیسا. عیسا وێنەی خودا لەخۆ دەگرێ. ناسینی عیسا وەك ئەوەیە خودا بناسی و بزانی چۆنە. بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (خودا زۆر جار و بە ڕێگای جۆراوجۆر بەهۆی پێغەمبەران لەگەڵ باوباپیراندا دوابوو، [2] بەڵام لەم ڕۆژانەی کۆتاییدا بەهۆی کوڕەکەی لەگەڵمان دووا، ئەوەی دەستنیشانی کردووە وەک میراتگری هەموو شتێک و بە ئەویش گەردوونی دروستکردووە. [3] ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناه کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا) (عیبرانیەکان ١: ١–٣)

دوایەمین ووشە. خودا نافەرموێ دەبێت بەتەواوی تێ بگەی بۆچی بە عیسا دەفەرموێ (کوڕی خۆی) — تەنها دەبێ باوەڕی پێ بێنی. ئەوەت لەبیر بێت کە خودا ئەو کەسەیە کەوا هانی پێغەمبەر داودی دا لە زەبوورەکان بنووسێ: (کوڕەکە ماچ بکەن، نەوەک تووڕە بێت و لە ڕێگای خۆتان بفەوتێن، چونکە تووڕەیی ئەو زوو دێتە جۆش. خۆزگە دەخوازرێ بە هەموو ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر ئەو.) (زەبوورەکان ٢: ١١، ١٢) خودا هەروەها هانی یۆحەنای قوتابی دا لە ئینجیل بنوسێ: (عیسا لەبەردەم قوتابییەکانی زۆر نیشانەی دیکەی کرد کە لەم پەڕتووکەدا نەنووسراوە. بەڵام ئەمانەی نووسراون تاکو باوەڕ بهێنن کە عیسا مەسیحە، کوڕی خودایە، تاکو بە

باوەڕهێنان بە ناوی ئەو ژیانتان هەبێت.) (یۆحەنا ٢٠: ٣٠، ٣١) (ئەوەی باوەڕ بە کوڕەکە بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. بەڵام ئەوەی گوێڕایەڵی کوڕەکە نییە ژیان نابینێت، بەڵکو تووڕەیی خودای لەسەر دەمێنێت.) (یۆحەنا ٣: ٣٦)

لە وانەی داهاتوو بەردەوام دەبین لەگەڵ پرسیار و وەڵامی تر.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەم بانگەوازە دەکەن لە کتێبی پیرۆزەوە: (هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت!) (١ پەترۆس ١: ٢٤، ٢٥)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایینی ئەو کەسانە چیە کە خوێندنەوە *ڕێگای ڕاستودرووستی* بەرهەم دێنن؟
٢. برادەرەکانم پێم دەڵێن کە ناتوانین متمانە بە کتێبی پیرۆز بکەین، لەبەر ئەوەی تێك دراوە و گۆڕاوە. ئەوان دەڵێن ئەم کتێبی پیرۆزەی من دەیخوێنمەوە جیاوازە لە کتێبی پیرۆزی ئەسلی. وەلامتان چیە بۆ ئەمە؟
٣. سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە چیە کە دەڵێ کتێبی پیرۆز گۆڕاوە؟
٤. کێ گۆڕی؟ لە کوێ گۆڕا؟ گۆڕانکارییەکان چین؟
٥. ئایا کەس دەتوانێ تاقە بەڵگەیەك بدات کە نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێت؟
٦. هیچ بەڵگەیەکیان نیە پاڵپشتی ئەو تۆمەتبارکردنە بکات کەوا نووسراوە پیرۆزەکان گۆڕابێ؟
٧. دەزانی کەوا ئەو لەفافەی پەیمانی کۆنانە سەد ساڵ پێش لەدایك بوونی مەسیح نووسرابوو؟
٨. ئایا پەروەردگار خودای بالادەست دەتوانێ ووشەی خۆی بپارێزێ لە شەیتان و ئەوانەی دەیانەوێ بیگۆڕن و تێکی بدەن؟
٩. بۆچی بە عیسا دەڵێن کوڕی خودا؟ خودا نەوەی نابێ و خودا نەوەی کەس نیە، ئەی چۆن عیسا دەتوانێ ببێت بە کوڕی؟
١٠. ووشەی خودا چیە؟
١١. کە برادەرەکەت تەنها چەن نامەکانت بۆ بنووسێ یاخود خۆی بێت و سەردانت بکات